
# یادداشتی ڕێگاکانی غوربەت

بەشی دووەم و کۆتایی

## بەسەرهاتی بەلەمەکەء سنووورداش بوونەوەی هاوڕێکانم



ئاری عەبدوڵلا ـ سوید

بۆ بەیانی چوومەوە پارکی ئامۆنیا ئێمەیان بردە شاری (ئەدەنە)کە شارێکی زۆر جوان بوو، پاشان بۆ ئەستەمبۆڵ، پاش مانەوەم بۆماوەی سێ مانگ لە ئەستەمبۆڵ، ئەمجارە بە ڕێگای بەلەم هەوڵمدا دەربچم، بەرێکەوتین بەرەو ئیتالیا کە شوێنێکی گەشتوگوزارەو زۆر خۆشە ئێمەیان لە میوانخانەیەك دابەزاند، پاشان بۆ شەوەکەی ئێمەیان بردە سەر دەریا بۆ پەڕینەوە، قاچاخچی وتی: دەبێ تەنها یەك جلتان لەبەربێ بۆ ئەوەی کێشتان سووك بێت، کوڕێکی خەڵکی سلێمانیم لەگەڵ بوو ئەیوت سێ جار سنورداش کراومەتەوە، ئەمە جاری چوارەممە دێمەوە تورکیا. ئەوەندە جلی لەبەرکردبوو، لە کاتی داکەندن جلەکانی هەر تەواو نەدەبوو، یەکێك پێی وت: ئەمە چیە دەڵێی دەفتەری سەد پەڕی ئەوەندە جلت لەبەرکردووە، هەندێکمان پێکەنین، لەبەر ئەوەی بەلەمەکە بچووك بوو ئێمەیان کرد بە دوو گروپ، ئەوەی واستەی هەبوو لە گروپی یەکەمیان دانا، بۆ بەلەمەکە سەریان خستن، بە ڕێکەوت پاش ماوەیەك بەلەمەکە گەڕاوە، ئینجا ئێمە سەرکەوتین، بەلەمەکەیو خستەگەڕ ئیشی نەکردەوە.. چەند هەوڵیاندا بەڵام کاری نەکردەوە ڕۆژمان لێڕۆنبۆوە، نەمانتوانی بمێنینەوە. دوو ڕۆژ ماینەوە لەم شوێنە خۆشە، بەڵام مرۆڤ کە قاچاخ بوو، هەرچەندە شوێنمان خۆشبوو، لە ترسی سنووورداش کردنەوە چێژمان نەدەدیت. ئەمان وت: ئەمانەی گروپی یەکەم شەنسیان هەبوو، پاشان قاچاخچی وتی: دەبێت بۆ ئەستەمبۆڵ بگەڕێنەوە، هەواڵی گروپی یەکەممان بیست کە لەجیاتی ئەوەی لە دوورگەیەکی یۆنانیان دابەزێنن لە دورگەیەکی تورکیان دابەزاندبوون. بە گەیشتنی ئێمە بۆ ئەستەمبۆڵ ئەوانیش گەیشتبوونە زاخۆ سنووورداش کرابوونەوە، ئەمجارە پاش دوو سێ هەفتە مانەوە لە خانووی قاچاخچیەکان.

### قاچاخچیەکان کچ وژنی جوان دەڕفێنن

ڕۆژێکیان وتیان بەیانی بەرەو یۆنان بەرێدەکەوین، وتیان: ئەم جارە بەلەمێکی گەورەو چاکمان ئامادە کردووە، تەنها سەعاتو نیوێك لە ناو دەریا دەبینن، پاشان دەگەنە دوورگەیەکی یۆنان.

ئەوەندە باسی ئەم بەلەمە گەورەیان کرد تامەزرۆی ئەوە بووم زۆر زوو بیبینم، هەرچەندە من باوەڕم بەقاچاخچی نەدەکرد، چونکە دەمزانی درۆزنن. ئەیان وت: جێگای (٦٠)کەس دەبێتەوە، بەڵام ئێمە لە ترسی گیانی ئێوە تەنها(٤٥)کەسی تێدەکەین، هاتبوومە قەناعەت دەبێ ڕاستبکەن، خۆشی جێگەی (٢٠)کەس بوو. جاری وا هەیە درۆزن ئەوەندە درۆ دەکات، ئەوەی بەرامبەر وایلێدێت قەناعەت بکات. برادەرێکم هەبوو لە هۆڵەندا زۆر درۆزن بوو کاتێك باسی پەیوەندی خۆیو کچە ئەرمەنیەکەی بۆ دەکردم ڕێك دەمزانی درۆدەکات، بەڵام قەناعەتێك لام دروست ببوو، دەموت: کێ ناڵێ ڕاست ناکات..! ئەمەش بەم شێوەیە بوو. کاتێك گەیشتینە لێواری دەریای ئیجە سەیری بەلەمەکەم کرد زۆرجیاوازبوو، لە گەڵ ئەو بەلەمە ئەفسوناویەی قاچاخچی باسیدەکرد. لە ڕێگا لە نێوان ئەستەمبۆڵو ئەزمیر، خێزانێکمان لەگەڵ دابوو کچێکی جوانیان هەبوو، هەرچەندە تەمەنی لە نێوانی (١٤-١٦)ساڵیدابوو، بەڵام قاچاخچیەکان دەیانویست لە دایكو باوکی جیابکەنەوە بە بیانوی شوێن نەبوون لە پاسەکە، ئەیانوت: با لەگەڵ ئێمە سەرکەوێ، لەو ئۆتۆمبێلەی کە پێیان بوو، ئەیانویست ئەم کچە جوانەش بەدەردی سەدان کچو ژنی کورد بەرن؟! کە دەست درێژی شەرەفیان لێدەکردن کچیان لە کچێنی دەخستو ژنیان لە پیاویان جیادەکردەوە، بۆ دامرکانەوەی ئارەزووە نەخۆشەکانیان، بەڵام باوکی کچەکە ڕازی نەبوو، هەندێك کەس بۆ گەیشتن بە هەندەران ژنی خۆشیان بەجێ هێشتووەو تەسلیمی ئەم قاچاخچیانەیان کردووە. قاچاخچیەکان وتیان: ئەم ڕێگایە سەعاتو نیوێك دەبێت، بەڵام حەوت سەعاتی تەواو لە ناو دەریا بووین لە ڕێگا ئەو کەسەی کە بەلەمەکەی دەهاژووشت، بەجێیهێشتینو سواری بەلەمە خێرایەکە بوو. کەسێك لە ئێمە کە پێشتر فێری شوفێریان کردبوو بەلەمەکەیان دایە دەستی، لە ڕێگا لاستیکی بەلەم پچڕا ئاو هاتە ناو بەلەمەکە.. ئەم هەموو خێزانە لە گەڵمان بوون دەستیان کردە گریان، بەڵام هەرچۆنێك بێ گەیشتینە کەناری دوورگەیەکی یۆنان.

### لە ئەسینا کەم کورد پارەی پاسو شەمەندەفەر دەدەن

پاشان بۆ ساڵێك کارتی نیشتەجێیان بۆکردین. ئێوارەی هەمان ڕۆژ سواری کەشتیەکی گەورەیان کردین، بۆ ئێمە زۆر خۆشبوو ، چونکە هەموومان بۆ یەکەم جاربوو سواری کەشتی بین دیمەنێکی زۆرخۆشمان دەبینی.. بۆ بەیانیەکەی نزیکەی سەعات (٧) گەیشتینە ئەسینا پایتەختی یۆنان. پاشان بە شەمەندەفەر لە کەناری دەریا چووین بۆ مەیدانی کوردەکان لە ئامۆنیا، کە ناوچەیەك بوو دەکەوتە ناوەڕاستی بازاری ئەسینا. هەر بە گەیشتنمان تووشی چەند کوڕێك بووین وتیان: چەند هوتێلێك هەیە هەرزانە. ژووری یەك نەفەری هەیە، پاشان بە دزی پێنج شەش نەفەری تێدەکرد. کەمپێك هەبوو کوردەکان تێیدا دەخەوتن، بەڵام جێگای شەڕ بوو لە نێوان شارەکان،



شوێنەواری "ئاکرۆپۆلیس" لە ئەسینا

چووینە کەمپەکە لەوێ برادەرێکم بینیو شوێنی کردمەوە، بۆ ڕۆژی دووەم لە یۆنان سواری پاس بووم، کەم کورد هەبوو پارەی پاسو شەمەندەفەر بدات. هەرکە جابی دەهات دەیانووت (کردۆس) مانای (کوردم) بە یۆنانی، لە بەرئەوەی سۆزێکی زۆریان هەبوو بۆ کورد، ئەو سەردەمە قسەیان نەدەکرد. ئەم سۆزەش لە ڕوانگەی بەسۆزی خۆیان بوو لەلایەك، لەلایەکی تر زۆر ڕقیان لە تورك دەبۆوە، لە بەرئەوەی تورك وڵاتی ئەوانیشی داگیرکردبوو. لە سەردەمانێك ئەوانیش ئازاری داگیرکەری تورکیان چێشتبوو. یۆنان وڵاتێکی زۆرخۆشە، بەڵام حەیف ئەم قاچاخچیانە ئەوەندە شتی ناشیرینیان کردووە وەك فرۆشتنی مادده سرکەرەکانو شەڕ و شۆڕ، ناوی کوردیان زڕاندوە، سەردەمانێك کە دەتوت:(کردۆس) ئەمە پاسپۆرت بوو بۆت، بەڵام لەپاش ساڵانی ٩٨-٩٩ کە بتووتایە (کردۆس) دەیانگرتی بۆدۆزینەوەی مادەی سرکەرو دەگەڕان، لەبەر ئەوەی زۆرکەس کە دەگەیشتنە ئەسینا قاچاخچیەکان دەیان وت وەرە ئەوەندە دەرمانەم بۆ بفرۆشەو دەتگەیەنمە ئیتالیا، ئەوانەی کە پارەیان نەبوو و کەسایەتی لاوازیش بوون ئەم کارەیان بۆدەکردن، یانیش هەندێك دەچوون لەگەڵ هەندێك پیاوی یۆنانی حیزەجنسیان دەکرد پارەیان وەردەگرت پێیان دەوتن:(فرەن) ڕۆژی دووەمم بە گەیشتنم بۆ ئەسینا لە پارکی ئامۆنیا کابرایەك وتی: کاردەکەی وتم: بەڵێ دەمویست لە گەڵی بچم، بەڵام هەندێك برادەر وتیان مەرۆ ئەوە فرەنە(حیزە) دەیەوێ .. لێبکەیو پارەت دەداتێ، ووتم نایەم بەڵام زۆر کەس هەبوو ئەم کارەی دەکردوو پارەی کۆدەکردەوە، بۆ ئیتالیا دەردەچوو.

## بەسەرهاتی کابرای یۆنانیو یەسی کوردەکە

هەندێجار لە ئەسینا دەستکەوتنی کار سەختبوو، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە وەجبەی قاچاخچی دەگەیەشتن، لە مەیدانی کرێکاران کورد زۆردەبوو، کاتێك کە سەیارەیەك ڕادەوەستا دەبوایە خێرا خۆت بخەیتە ناو ئۆتۆمبێلەکە بۆ ئەوەی کارت دەستکەوێ، برادەرێکم وتی: ڕۆژێکیان چوومە مەیدانی کرێکاران کابرایەك وتی: ئینگلیزی دەزانی ئەویش بەس بۆ ئەوەی کاری دەستکەوێ وتبوی یەس (بەڵێ) پاشان کابرای یۆنانی بردبوویە سەرکار هەر قسەی کردبوو، ئەویش هیچ تێناگاتن، تەنها دەزانێ بڵێ (یەس یان نۆ ) پێی وتبوو: مادام ئینگلیزی نازانی بۆ دەڵێی یەس، هێنابوویەوە مەیدانی کرێکاران، برادەرەکەم دەیگێڕایەوەو دەیوت: ڕۆژێکیتر ئۆتۆمبێلێك وەستا خۆمو برادەرێکم بەغاردان خۆمان خستە ناو ئۆتۆمبێلەکە دەرگامان داخست، کابرا هەر هاوار هاواری دەکرد، وەرنەخواری ئەوانیش هەر وتبوویان(نۆ...نۆ) کابرا تومەز ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرتبوو بۆئەوەی لە نزیك مەیدانی کرێکاران بچێتە کافتریایەك، ئەوانیش وتبوویان دیارە کرێکاری دەوێت وتی: هەتا ئێمەی لە سەیارە هێنادەرەوە بەرد شەقی برد.

ڕۆژی حەوتەم سەفەرم کرد بۆ دورگەی پاترا کە دەکەوێتە سەر دەریای نێوان یۆنانو ئیتالیا لە ئەسینا، وتیان قاچاخچیەك هەیە ناوی عەزیزە هەولێرییە قاچاخچییەکی باشە، نەفەری زوو دەردەکات من لەگەڵ سێ برادەرچوینە لای عەزیزی قاچاخچی شەو بوو نزیك سەعات(١٢) عەزیز وتی: وەرن با جێگاتان بۆ بکەمەوە کە چووین ئێمەی لە سەرچوار خێمە دابەش کرد، خێمە چ خێمە نوێنەکان هەموویان قوڕاویو پیس بوون، پڕی جورجو مشك بوو، پیاو ئەو پیاوە بوو لەبەر جرتو فرتی جورجو مشکان بخەوێ، بەو هیلاکیە تا بەیانی نەخەوتم، بۆ بەیانی چووینە لای عەزیزی قاچاخچی ووتمان کەی بۆ ئیتالیا دەرمان دەچوێنی؟ وتی دەبێ (٢٠٠) دۆلارم بدەنێ ئەمشەو دەرتان دەچوێنم، ئێمەش یەکی(٢٠٠) دۆلارمان دایێو خۆمان خستە دوای عەزەی قاچاخچی ئێوارەکەی وتی: وەرن ئەو باخیرەیە دەڕواتن، کە خەڵك سەرکەوتن ئێوەش لەگەڵ خەڵك سەرکەون، پاشان بڕۆنە ناو شوێنی ڕاوەستانی لۆریەکان، جێگای سپێر یان سەقفێکی باش بدۆزنەوە خۆتان پێ دەربازبکەن. من پێم وت: ئەوجا ئەمە قاچاخچی دەوێ، خۆشمان دەتوانین ئەمە بکەین، ئێمە ٢٠٠ دۆلارمان داوەتە تۆ بۆئەوەی سواری شاحینەمان بکەی، نەك سواری سپێرو سەقفی لۆری، کەوتینە دەمەقاڵێ لەگەڵی، بەڵام سودی نەبوو، چونکە

پارەمان دابوێ، هەرچوارمان هەوڵماندا بچینە ناو کەشتیەکە دووانمان سەرکەوتوو نەبووین، دووان سـەرکەوتن، ئەوانەی سەرکەوتووبوون یەکیان ئیەسـتاش کەس هەواڵی نازانێ، وابزانم سـواری ئەکسل ببوو مردبوو، چونکە برادەرەکەی ترمان وتی: پێکەوە بووین من سـواری شـاحینەیەك بووم ئەویش لە دوای شـوین دۆزینـەوە بوو، ئیمەش نزیکەی سـێ مانگ لەپاترا ماینەوە، هەرجارێ سـواری شاحینەیەك دەبووین جاری واهەبوو دەگەڕاوە ئەسـینا یان ڕۆمانیا، بەم شاحینە یـان دەوت (پاقلە) جارێکیان سـواری شـاحینەیەکیان کردین ئێمە سـێ کورد بوویـن لەگەڵ کچێکی رووسـیو کچێکـی ئۆکرانیو دوو کوری ئەڵمانی سـیو شەش سەعات لەناو شـاحینەیەك بووین، بەڵام لە کۆتایی لە دورگەی ئەسـینا گیرایـن، ڕەوانەی یۆنانیان کردینەوە، لە کۆتایی ئەوەندە شـارەزاببووم دەمزانی ئەم شـاحینەیە بۆ یۆنان هاتـووە یان لە یۆنـان بۆ وڵاتی تر دەردەچـێ، لەبەر ئەوەی هەموو شاحینەکان لە ساحەکەی پاترا ڕادەوەستان.

## لەئەوروپادا لە تێرمیناڵو شەمەندەفەردا کورد دەدۆزیەوە

لە کۆتایی ڕۆژێکیان ڤاچاخچی وتی: وەرە سـواری شـاحینەکەی پیەستەت دەکەمو دەردەچی، ئێمە(٦)کەس سەرکەوتین، لەبەر بۆنی پیەسـتە لەهیچ شوێنێك کونترۆڵیان نەکرد، چونکە مەزەندەی ئەوە ناکـەن خەڵك بتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو ئەو بۆنەدا بژی کاتێك کە لە شـاحینەکە دابەزین بۆماوەی (١٠ ) دەقیقە ڕۆیشـتین پۆلیسی ئیتاڵیا گەیشتە سەرمان، بەڵام لەبەر بۆنی زۆر لوتی خۆیان گرتبوو، هەر ئەوکاتە ئێمەیان بردە بنکەی پۆلیسی ئەم شارە، خەڵکی ئیتاڵیا زمانـی ئینگلیزی باش نازانـن لەم بنکەیە یەك کـەس نەیزانی بە ئینگلیزی قسەمان لەگەڵ بکات، چوون لە یەکێك لە کەنیسەکان وەك وەرگێڕ ژنێکی ڕەشـیان هێنا کە ڕاهیبە بوو، من شـرە ئینگلیزیەکم دەزانـی بەڵام وەرە لـە یەك بنکەی پۆلیس یەکیـان نەبوو ئەوەندە ئینگلیزیەش بزانێ، پاشان ئێمەیان بردە میوانخانەیەکی چاك، وتیان بچن خۆتان بشۆن، پاش سەعاتێك ئێمەیان بردە کەنیسە خواردنیان داینێ، پاشـان تاکو بەیانی ئێمەیان گەڕاندەوە میوانخانەکە، بۆ ڕۆژی دووەم وتیـان لێرە داوای پەناهەندەیی دەکـەن، وتمان: نەخێر لەبەر ئـەوەی لەئیتاڵیـا سۆشـیال نیە، دەبێـت خۆت بژێنـی بۆیە وتیان بۆمـاوەی (١٥)ڕۆژ دەبـێ ئیتاڵیا بەجێ بهێڵـن، ئەوراقیان بۆکردین هەرئەم ڕۆژە بەرەو ڕۆما بەرێکەوتین، کە گەیشـتینە ڕۆما ئەوەندە خـۆش بوو، بەڵام مـرۆڤ بەم شـێوەی ئێمە نەیبینێ؟ لـە ئەوروپا ئەگەر ویسـتت کوردێك ببینیەوە ئەوا باشـترین شـوێن ویەستگەی شـەمەندەفەرە، یان ترمیناڵی پۆسـتە پاش هەندێك گەڕان لەنزیك ویەسـتگەی سـەرەکی ڕۆما، برادەرێکم دۆزیەوە پـاش چاکوچۆنی وتی: کەی گەیشـتی وتم: هەر ئیەستا وتی: جێگات نیە وەرە لای من بخەوە، وتم زۆرچاکە لەکوێ دەخەوی؟ وتی: وەڵا لە پێش ویەستگەی شـەمەندەفەر، وتم: ئەوە هەموو کەس دەتوانـێ بخەوێ؟ وتی: بەڵێ بەڵام ئەگەر دۆشـەکی نەبێ دەبێ لەسـەرکارتۆن بخەوێ، ئەو شەوە منو ئەو لە سەردۆشـەك خەوتینو کیسە خەویشمان بەخۆماندادا، خەڵـك ئەیانوت: ئێوە جێگەتان خۆشـە ئیقامەی سیاسـیتان هەیە، خەڵکەکەیتر لە سەر کارتۆن خەوتبوون، منیش نازانم ئەو هاوڕێیەم ئەم دۆشەکەی لەکوێ پەیدای کردبوو..؟!

## لە ئیتاڵیا لەبەر دزە مەغریبیو جەزائیریەکان ناتوانی بخەوی

لەوێ خەڵك نەیدەتوانی بەباشـی بخەوێ دەبێ وەك کەروێشك بە هەسـت بوایە، لەبەر ئەوەی مەغریبیو جەزائـیری دزیان لێدەکرد، ئـەو خەڵکە داماوانـەی وەکو ئێمە دەبووایـە بەیانیان زوو لە خەو هەسـتن، بچن لەکافتریا خـواردنو خواردنەوە بە بـەلاش وەرگرن، بەڵام دەبوو وەرەقەی پۆلیست هەبوایە، نیوەڕۆکەشو ئێوارەکەی لە کەنیسە نان بخۆی، ئەو کچە جوانانە دەهاتن خزمەتی ئەم خەڵکەیان دەکردو خواردنیان پێشکەش دەکردن.

## سەیرە دوو مرۆڤ لەناو یەك ئاوەستدابن

ئێـوارەی ڕۆژی دوایـی بلیتم بـری بەرەو ڤانتمیـلا کەوتینەڕێ کە شـارۆچکەیەکە دەکەوێتە مەرزی فەرەنسـا، پاش مانەوەمان بە سەعاتێك سواری شەمەندەفەرێك بووم بۆناو فەرەنسا، لە بەرئەوەی کۆنترۆڵی فەرەنسی هەبوو بۆیە منو هاورێکەم خۆمان خستە ناو ئاو دەسـتێکی ڤارگۆنێك، وتیان: تاکو٤٠ ویەسـتگە دامەبەزن ئێمەش تا گەیشتینە ویەستگەی٤٠ نەهاتینە دەرەوە. لە ئاودەستەکە کە هاتینە دەرەوە خەڵك هەموو سـەیریان دەکردین، لایان سەیربوو دوو مرۆڤ لە ناو یەك ئاودەسـت چـی دەکەن؟! چونکە لەکاتی سـەرکەوتنمان ڤارگۆنەکان چۆڵ بوو پاش دووجار شـەمەندەفەر گۆڕین بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی گەیشتینە پاریس.

## لەچایخانەیەکی پاریسدا تا بەیانی نەخەوتم

کاتێك دەگەیە پاریس دەبێ بچیت بۆ ویەستگەیەکی تر کە دەچێت بۆ وڵاتانی تری ئەوروپا، تاچوینە ویەستگەکەیتر شەمەندەفەرەکەی هۆڵندا دەرچوو بوو، ماینەوە بەڵام جێگا نەبوو لێیبخەوین، نەشمان دەتوانی بچینە میوانخانەکان، تووشـی کابرایەکی جەزائیری بووین، چایخانەیەکی پیشـان داین وتی: ئەمە تاکو بەیانی داناخرێ، جێگای لانـاوازەکان بـوو، ئێمەش چوویـن داوای قاوەیەکمان کـرد، بە دوو سـەعات تەواومکرد هەر دەمویسـت کات بڕوات تاکو ڕۆژ دەبێتەوە، خەوم دەهاتو یاسـاغبوو بخەوی بۆیە جار بەجار خەو زاڵدەبوو بە دانیشتنەوە خەوم لێدەکەوت، کارەکەرەکە دەهات بەخەبەری دەهێنام دەیوت: ئەگەر دەخەوی دەبێ بچیتە دەرەوە، داوای قاوەیەکی تریشم کرد، بەڵام هەردادی نەدا هەتا ڕۆژ داهات تەواو بێتاقەت بووم، ئینجا بەرێکەوتم بەرەو ویەسـتگەی شـەمەندەفەر کە سـەیری ئەم شارە جوانـەم دەکرد بەزەیم بەخـۆم دەهاتەوە، ئەو خەڵکە لەخۆشـیدا دەژین ئێمەش لەم ناخۆشـیەدا دەگوزەرێنین. تاسواری شەمەندەفەر بوومەوە بۆ شەوەکەییو ڕۆژەکەشم لێنەدەڕۆیشت.

## بەنووسینی ناوێك گەیشتمە ڕۆتردامی پایتەختی هۆڵەندا

پاشـان سـواری شـەمەندەفەرەکە بووم بەرەو هۆڵنـدا لەرێگادا لەویەستگەیەك ڕاوەستاین پۆلیسی فەرەنسی سەرکەوتن دووم ڕۆڤی ڕەش پیەسـتیان هێنایـە خوارێ زۆریان لێدان وتم: بەخوا ئیەسـتا ئێمـەش ئەم هەموو شـەقو لێدانە دەخۆین، بەڵام کاتێ گەیشـتنە لای ئێمـە داوای پاسـپۆرتو بلیتیـان لێکردین بلیتـم دایێو وتم: پاسـپۆرتم نیە دای بەزانـدمو وتی: وەرە منی بـردە ژورێكو ناوی خۆمی پێنووسـیمو ناوێکم نووسی ئیەسـتاش نازانم چیم نووسی؟ وتـی: بڕۆ سـواری شـەمەندەفەرەکەت ببـە، لەئەوروپـاو هەموو وڵاتەکان خواخوایانە سـەر ڕەشـێك دورکەوێتەوە لـە وڵاتەکەیانو گەشـتەکەم بەردەوام بوو تاکو گەیشتمە شـاری (ڕۆتردام) لەهۆڵندا پۆلیس سـەرکەوتنو لەویەستگەی شـارەکە منیش خۆم خستە ناو ئاودەسـتی ڤارگۆنێك پـاش ماوەیەك شـەمەندەفەرەکە بەرێکەوت منیـش هاتمـەدەرەوە لەگەڵ هاتنەدەرەوەم لەئاودەسـت پۆلیسـێك لەبەردەرگای ئاودەستەکە ڕاوەسـتابوو داوای پاسپۆرتی لێکردم وتم: پێم نیە لەغەسـالە لەناو جلوبەرگدا ششـتومەو لەناوچووە، بەڵام دادی نەداو گیراین ئێمەیان برد بۆ کەمپی پەناهەندان.